کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۵۶

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۵۶ – خه رمانان – سێپتامبە ر ۲۰۲۴

## ڕاگەیاندنی کۆتایی پلێنۆمی ۷ی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ۱۸، ڕۆژی شەممە ۱۷ی مانگی خەرمانانی ۱۴۰۳ بەرابەر بە ۷ی سێپتامبری ۲۰۲٤ بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک چاوەدێر، بەڕێوەچوو. پلێنۆمی ۷ بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ، سروودی هاوپشتیی جیهانیی چینی کرێکار و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کار کرد.

یەکەمین دەستووری جەلەسەی ئەم کۆبوونەوە، لێکدانەوەی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ڕێبەری کۆمەڵە بە پلێنۆمی حەوتەم بوو. بەلەرچاوگرتنی ئەوە کە لەم دواییەدا لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بە شیکراوی و بە وردی باسی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و پێگەی کۆماری ئیسلامی و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی کرا، ڕاپۆرتی سیاسی پلێنۆم سەرەنجی خستە سەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانە لە ئێران و کوردستان و ناوچەکە.

ئاکامی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئێران یەکێک لە باسەکانی ڕاپۆرتی پلێنۆم بوو. لەم پەیوەندییەدا جەخت کرایەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی بەردەوامی قەیرانە هەمەلایەنەکانی ڕژیمی ئیسلامی و گەشەکردنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە خواستەکانیان، ڕژیم بۆ جارێکی تر هەوڵی دا گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بەپێی پێویستیی سیاسیی خۆی موهەندسی بکات. ئامانجێکی فریوکارانەی حکوومەت لە داڕشتن و موهەندسی کردنی ئەم هەڵبژاردنە و ڕەت نەکردنەوە سەلاحییەتی مەسعوودی پزیکشیان، بردنەسەری ڕێژەی بەشداری خەڵک لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردن و وەتەماع خستنی ڕیفۆرمخوازانی دوورخراو لە حکوومەت بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە پشکێکی هەرچەند چکۆلە لە دەسەڵات بوو. بەڵام خەڵک لە دەوری دووهەمیشدا بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بۆ جارێکی تر مۆری نامەشرووعبوونیان لە نێوچاوانی حکوومەتی ئیسلامیدا. ئامانجێکی دیکەی حکوومەتی ئیسلامی لە دانانی پزیشکیانی خزمەتکاری ولایەت، کە بە بەرەی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتییەوە دەناسرێ، ڕاکێشانی سەرنجی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەربڕینی ئامادەیی بۆ "نەرمشی قارەمانانە" و پاشەکشەی زیاتر لە گفتوگۆکانی ئێستا بۆ سووک کردنی باری قورسی گەمارۆکان و دەستڕاگەیشتن بە دۆلارە بلۆکەکراوەکان بوو. بەڵام لە ڕوانگەی خەڵکەوە، باڵەکانی حکوومەت هیچ جیاوازییەکیان نییە




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی سەرکەوتنی مانگرتنی گشتی ٢٥ی خەرمانان لە کوردستان

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## ڕەمزی پێشڕەوی لە دووهەمینساڵیادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینادا

## زەنگی دەستپێکی دەرس و مەدرەسە، زەنگی هۆشداری ئاستی بێوێنەی هەژاری و گرانی



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:

## گواستنەوەی زۆرەملی ئۆردووگاکانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان مەحکوومە

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

و هیچ کامیان ناتوانن بێجگەلە سەرکوت وڵامێک بە خواستەکانیان بدەنەوە. ستراتێژی سپای پاسداران و هەر دووباڵی حکوومەت بۆ ڕاگرتنی نیزامی ئیسلامی، درێژە و پەرەپێدانی سەرکوتە.

بەشداری نەکردنی خەڵک لەم گاتەجاڕییە هەڵبژاردنانە، نە لە ڕووی کەمتەرخەمی و بێ تەفاوەتی بەڵکوو کردەوەیەکی سیاسی وشیارانە لە دژی گشت دەسەڵاتی ئیسلامی بوو. ئەم کردەوە سیاسیە نیشانی دا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە زەنگی مەترسیی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی هێنایە دەنگ، هەروا زیندووە و لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا کاریگەرییەکانی خۆی نیشان دەدات. لەم ڕووەوە هەوڵی بەرینی خامنەیی و داموودەزگاکانی ڕژیم لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردندا، نەیتوانی کاریگەری لەسەر درێژەی خەبات و مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینان هەبێت. خەباتی ژنان دژبە حیجابی ئیجباری ڕانەوەستا. خەبات لەدژی ئێعدام لە زیندانەکان پەرەی سەند. بێجگە لە مانە لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا بۆ یەکەم جار شایەدی ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەرین، درێژماوە و هاوکاتی پەرستاران بە پێشەنگایەتی ژنان بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران بووین. ئەم ناڕەزایەتییانە ئێستاش درێژەیان هەیە. بەردەوامبوونی ناڕەزایەتیی پەرستاران سەرەڕای هەڕەشەی دەزگا سەرکوتگەرە ئەمنیەتییەکان، نیشانەی وجوودی دەرەجەیەک لە ڕێبەری و ڕێکخستنی مانگرتن و ناڕەزایەتی پەرستارانە و ئەمەش پێویستە وەک ئاکامێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لەئاستی کۆمەڵگادا بێتە هەژمار.

لاوازبوونی پێگەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە لە درێژەی شەڕ و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی سیاسی پلێنۆم بوو. لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕژیمی ئیسلامی سەرەڕای هات و هاواری تەبلیغاتی لەژێرناوی "نابوودیی ئیسرائیل و ئازادیی قودسی شەریف"، نەتەنیا بەکردەوە هیچ پشتیوانییەکی لە خەڵکی فەلەستین نەکردووە، بەڵکوو لە بەرانبەر هێرشی نیزامی زەلیلکەری ئیسرائیلدا توانای پارێزگاری کردن لە خۆشی نەبووە. هێرشی نیزامی و تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لە ناو دڵی تاراندا و گورزە نیزامییەکانی دیکەی دەوڵەتی ئیسرائیل لە دەزگا و ناوەندە هەستیارەکانی حکوومەتی ئیسلامی و فەرماندەکانی سپای پاسداران لە سووریە، نیشانی دا کە لاوازی و داماویی دەزگای ئیتلاعاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نە لەبەر بۆشایی ئەمنیەتی، بەڵکوو سەرچاوەی گرتووە لەو گەندەڵییە سیستماتیکە کە هەموو پێکهاتەی سیاسی و ئیدارەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی داگرتووە و لە ناو دەزگا ئەمنیەتییەکانی سپای پاسدارانیشدا ڕیشەی داکوتاوە. دەزگا سیخوڕی و ئەمنیەتییەکانی ئیسرائیل توانیویانە ڕەخنە بکەنە ناو سیستمی زانیاری و ئەمنیەتیی ڕژیمەوەش. ئەم زنجیرە ئاڵوگۆڕانە نیشانیان دا کە ستراتێژی هێرشی "بەرگرانە"ی ڕژیم لە ڕێگەی دەستتێوەردانی نیزامی لە ناوەندەکانی قەیرانی ناوچەکە و ڕێکخستنی هێزەکانی بەناو "میحوەری مقاوەمەت" و وەڕێخستنی کێبەرکێی تەسلیحاتی کە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا تێچوویەکە زەبەلاحی بەسەر سفرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا سەپاندووە، شکستی خواردووە. ئەگەر سەردەمانێک حکوومەتی ئیسلامی ئیدیعای دەکرد کە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی نیزام لە ناوەوە، پێویستە لە لۆبنان و سووریە و عێراق بەشەڕ بێت و بە "سیاسەتی خۆپارێزی" پێناسەی دەکرد، لەئێستادا مەعلووم بووە کە درێژەی مانەوەی حکوومەتی ئیسلامی نە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە بەڵکوو لە ناوەوەی ئێران و بە پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت بزووتنەوەی کرێکاری کەوتووەتە مەترسیەوە. خودی کۆماری ئیسلامیش کە لەگەڵ قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی چارەهەڵنەگر بەرەوڕووە، لەم حەقیقەتە ئاگادارە.

پلێنۆم لە بەشێکی تر لە باسە سیاسییەکانیدا، پێگە و زەرفییەتەکانی مەوجوود لە کوردستان لە خەبات دژبە کۆماری ئیسلامی دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بە باوەڕی پلێنوم کاریگەریەکانی ئەم پۆتانسیەل و زەرفییەتانە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە ڕوونی خۆی نیشان دا و سەلماندی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە هەموو بزووتنەوە ناڕەزایەتی و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا پایەیەکی سەقامگیر و کاریگەر بووە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە شایەدی ڕۆڵی بەرچاوی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە سەرهەڵدان و درێژەی بزووتنەوەی سەرتاسەری ساڵی ١٤٠١ بووە و لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی کوردستانی عێراق و سووریەشی هەیە کە چۆن لە بارودۆخی لاوازبوونی حکوومەتی ناوەندیدا کوردستان دەتوانێ بە خێرایی لە کۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندی بچێتە دەر. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی زۆر پەرۆشی دووپات بوونەوەی وەها ئەزموونێک لە کوردستانی ئێرانیشە. بەتایبەت ئەوەکە ئەزموونی ڕێکخستن و پێکهێنانی شۆراکان، کۆمیتەکان و بنکەکان وەک ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی جەماوەری لە دوای سەرکەوتی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی وەک دەستکەوتێکی بەنرخ لە بیر و زەینی خەڵکی شارەکانی کوردستاندا ماوە.

پەرەپێدانی کەشوهەوای سەرکوت، پەرەپێدانی ئێعدامەکان و دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ چالاکانی سیاسی کوردستان بە بێ هیچ هۆکار و بەڵگەیەک، دەستبەسەرکردن و بانگکردنی چالاکانی سیاسی و هەڕەشەی دەزگا سەرکوتگەرە ئەمنیەتییەکان لەوان بۆ خۆ بەدوورگرتن لە بەڕێوەبردن یان بەشداریکردن لە مانگرتن و ناڕەزایەتی لە شارەکانی کوردستان، داسەپاندنی فشار و هاودەستی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چەککردن و ڕاگواستنی زۆرەملی ئۆردووگای حیزب و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستانی ئێران و سنووردارکردنی هەرچی زیاتریان، لە ترس و نیگەرانی کۆماری ئیسلامی لە وەزعییەتی قەیراناویی خۆی لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێت. کۆماری ئیسلامی لە زەرفییەتەکانی خەباتی سیاسی، چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ئاگادارە. ڕژیم دەبێ ئەوە بزانێ کە، ئەگەرچی سیاسەتی چەککردن و ڕاگواستنی زۆرەملی ئەم ئۆردووگایانە بۆ کەمپەکانی پەنابەری کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە باسکی جێبەجێکردنی، دەبێتە هۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتی زیاتری خەڵکی کوردستانی ئێران، بەڵام بزووتنەوەکانی ناڕەزایەتی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە ناوەوەی ئێران بە پشت بەستن بە هێزی خۆ و بە متمانە بەخۆییەوە، خەباتیان لەدژی کۆماری ئیسلامی هەتا ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە کۆنەپەرستەی سەرمایەداری ئیسلامییە درێژە دەدەن.

بەلەبەرچاوگرتنی پێشینە و ئەزموونی سیاسی چوار دەیەی ڕابردوو، کوردستان بەستێنێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و گەشەی سیاسەتی ڕادیکاڵ و هێرش بۆسەر کۆماری ئیسلامییە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەهۆی دەورونەخشی کۆمۆنیستەکان خاوەنی گەلێک زەرفییەتی بەهێزە لە بواری بەرپارکردنی ناڕەزایەتی جەماوەری لەدژی کوشتاری کۆڵبەران، لەدژی حیجابی ئیجباری، هەوڵ بۆ ئازادیی بەندکراوانی سیاسی، ناڕەزایەتی لەدژی ئەزیەت و ئازار و زەوتکردنی ئازادی هاووڵاتییان لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمەوە. پێویستە بە داهێنانی جۆراوجۆر، ئەم زەرفییەتانە بەشێوەی دروست کەڵیان لێوەربگیرێت.

پێویستە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە هاوڕێ لەگەڵ هەڵسووڕاوانی "شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان" و باقی ئینسانە سۆسیالیست و ڕادیکاڵەکان هەر لە ئێستاوە بە بەشداری چالاکانەی خۆیان لە بوارەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی، لەدژی هەژاری و نەهامەتی ئابووری، لەدژی بێکاری، لەدژی لەناوبردنی ژینگە، داکۆکی لە مافی منداڵان، داکۆکی لە مامۆستایان و خانەنشینان و هیتر، یارمەتیدەری شکڵ گرتنی ناڕەزایەتی و درێژەی مانگرتن و ئیعترازیان بن. پێویستە لە هەموو دەرفەتێک بۆ تەبلیغ و ڕێکخستنی شۆرایی و پێکهێنانی شۆراکانی شوێنی کار و ژیان لە ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش کەڵک وەرگرن. لە بارودۆخی ئێستادا هەوڵی بێ پسانەوە بۆ پێکهێنانی شۆراکان، کۆمیتەکان، بنکەکان و باقی ناوەندە جەماوەرییەکان، هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستان دەگۆڕێ.

کۆمەڵە وەک بەستێنی سەرەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان لێبڕاوانە هەوڵ دەدات لەڕێگەی هاوکاری لەگەڵ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و لەڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی سەراسەری، کۆمەڵگای کوردستان لەم قۆناغە هەستیارە تێپەڕێنێ. بوونی ئەم زەرفییەت و پۆتانسیەلانە بۆ ڕێکخستنی شۆرایی لە کوردستان کە گۆشەیەکی لە سۆنگەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا خۆی نیشاندا، دەتوانێ لە زەوتکرانی دەسەڵات لە سەرەوە و بە بێ دەخاڵەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەن حیزب و لایەنە بورژوا ناسیۆنالیستەکان لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ڕێگری بکات.

پلێنۆم لە دەستووری جەلەسەی پەیوەندیدار بە ڕاپۆرتی چالاکیی تەشکیلاتی ئۆرگانەکانی کۆمەڵە، پاش بیستی ڕاپۆرتی کاری ئۆرگانەکان لەوانە: ئۆرگانی تەکش (تەشکیلاتی ناوەوەی شارەکانی کوردستان)، گۆڤاری پێشڕەو و میدیا تەبلیغییەکانی دیکە، نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، پرۆژەی هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، چالاکی هاوڕێیانی نیشتەجێ لە کوردستان و کۆمیتەی ڕێبەری، ڕەخنە و پێشنیارەکانی بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی چالاکی ئەم ئۆرگانانە پێشکەش کرد.

لە دەستووری جەلەسەی پەیوەندیدار بە قەرار و قەتعنامەی

پێشنیارکراودا، پلێنۆمی حەوتی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵە لە هاوینی ساڵی ١٤٠٤ دا بەڕێوە بچێ و کۆمیسیۆنێکی بۆ تەداروکی سیاسی و تەشکیلاتی هەڵبژارد.

ئاخر دەستوری پلێنۆمی ٧، باسەکانی پەیوەندیدار بە ئارایش و تەقسیمی کاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. پلینوم هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەریدا سازماندا و لە کۆتایی کاری خۆیدا وێڕای هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ڕێبەری نۆ کەسی بۆ هیدایەتی سیاسیی تەشکیلات لەماوەی دوو پلێنۆم دا، هاوڕێ حەسەنی شەمسی وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژارد.

**کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی**
کۆمۆنیستی ئێران
٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٣
١٢ی سێپتامبری ٢٠٢٤

***

**پێشــــــــــڕەو**
ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوینە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representation.of.komala@gmail.com

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی سەرکەوتنی مانگرتنی گشتی ٢٥ی خەرمانان لە کوردستان

ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی دووهەمین ساڵڕۆژی دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی"ژینا"ش بە مێژووی پڕ لە شانازی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان پەیوەست بوو. خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری زۆربەی شارەکانی کوردستان لە کردەوەیەکی سیاسی، هاوئاهەنگ و شکۆداردا، پاشەکشەیان بە کەشوهەوای توندی ئەمنیەتی کرد و بە مانگرتنی گشتیان وڵامێکی بەهێزیان بە سەرکوتگەرییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی پزکشیان دایەوە. مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان بۆ جارێکی تر عەزم و ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی بۆ درێژەدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا هەتا ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و نابەرابەری نیشان دا.

خەڵکی کوردستان بە ڕێز گرتن لە ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەری ژینا و یادی گیانبەختکردووانی ئەم بزووتنەوە، نیشانیاندا کە ڕەمزی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و وەدیهێنانی خواستی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانەیان، نەک لە هاوپەیمانی و هاوکاری لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان و ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی پاوانخوازی ئێرانی، نەک لە هاوئاراستەیی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی، نەک لە سات و سەودا و دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، نەک لە ئۆمێد بەستن بە دەستتێوەردانی دەسەڵاتەکانی دەرەوە، بەڵکوو لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری و لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێراندا دەبینن. مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ لەڕاستیدا هێمای ڕێزلێنان لە یەکگرتوویی و هاوپشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە.

مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ بۆ جارێکی دیکە نیشانی دا کە سیاسەتی جەنایەتکارانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هاودەستی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و بە هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چەککردنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان و ڕاگواستنی زۆرەملییان بۆ کەمپەکانی پەنابەری، هیچ بۆشاییەک لە ئیرادە و خەباتی خەڵکی کوردستان بەدژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پێکناهێنێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادییەوە هەوڵی دا بە گرێدانی نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان بە دەخاڵەتی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەرەوەی سنوورەکان، لە نێوان خەباتی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەریدا تەفرەقە دروست بکات و بەستێنی سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە کوردستان فەراهەم بکات. لاوانی شۆڕشگێڕ، ژنانی ئازادە، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە گیانفیداییان ئەم پیلانگێڕی و تەفرەقەنانەوەیەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیشیان بەرەورووی شکست کردەوە. مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان لە هەمان کاتدا وڵامێکی بەتەوژم و دداشکێن بوو بە سیاسەتی تەفرەقەنانەوەی حکوومەتی ئیسلامی و نیشانی دا کە سەرچاوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان حەقیقەتە ماددییەکانی ئەم کۆمەڵگایەن




مانگرتنی گشتی٢٥ی خەرمانان، و عەزم و ئیرادە و گڕوتینی ژنان و پیاوانی لاو و شۆڕشگێڕی شارەکانی کوردستان بۆ ڕێکخستنی سەرکەوتووانەی ئەم مانگرتنە نیشانی دا کە تەنیا بە باوەڕ بە هێزی جەماوەر، بە پشت بەستن بە هێزی ئەوان دەتوانین پاشەکشە بە فەزای ئەمنیەتی زاڵ بەسەر شارەکان بکەین و لە جەرگەی کەشوهەوای پۆلیسی و میلیتاریزەکردن و ڕەشبگیریدا ئومێد بە سەرکەوتن زیندوو ڕابگرین و هێزی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە ناو خەڵکدا بەهێز بکەین. بێگومان دوژمنیش ئەم سەرکەوتنە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا دەگونجێنێت.

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بە مانگرتنی شکۆمەندی خۆیان لە ٢٥ی خەرمانان نیشانیان دا کە نەتەنیا بە ستراتێژی پەرەپێدانی سەرکوت، بە گرتنی بەردەوامی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە شەپۆلی ئێعدامەکان چاوترسێن نابن، بەڵکوو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، ئازادی بەندکراوانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سەزای ئێعدام، کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئایینی و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک دەریغ ناکەن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم سەرکەوتنە شکۆمەندە، سەمیمانە لە خەڵکی خەباتکاری کوردستان و سەرتاسەری ئێران پیرۆزبایی دەکات و دەستی هەڵسووڕاوان و ڕێکخەرانی بە گەرمی دەگوشێت.

پیرۆز بێ یادی گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا
بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی
١٥ی سێپتامبەری ٢٠٢٤ی زایینی

***

# بانگەوازی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرمانان
# دووهەمین ساڵڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا



خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!
ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش!

لە سەروبەندی ٢٥ی خەرمانان دووهەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی بەدەستی ڕژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی داین. لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی ئاگری تووڕەیی و ناڕەزایەتی جەماوەری کوردستان لەدژی ئەم تاوان و قەتڵە حکوومەتیە بەخێرایی سەرتاسەری ئێرانی داگرت. لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی خەباتکاری کوردستان هاوهەنگاو و هاوشان لەگەڵ ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، جەماوەری وەگیان هاتوو لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەراسەری ئێران سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی بارودۆخی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا لە خەبات دژبە جنایەتەکانی و سەرکوتگەرییەکانی ئەم ڕژیمە لە هیچ فیداکاری و تێکۆشانێک دەریغیان نەکرد. خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە کردەوەیەکی سیاسیی شکۆمەند و هاوئاهەنگ لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران لە ١١ی مانگی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا سێ جار مۆری ناڕەوابوون و نامەشرووع بوونیان لە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامی داوە. خەڵکی کوردستان گاڵتەجاڕییەکانی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی ئسیلامیان کردە ڕێفراندۆمی "نا" بۆ گشت کۆماری ئیسلامی. خەڵکی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران بە شکست پێهێنانی شانۆکانی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی قەیران و ململانێی باندەکانی ناو حکوومەتیان توندتر کردەوە و نیشانیاندا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە و بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری، هەڵاواردنی ڕەگەزی و نەتەوەیی و جۆرەکانی تری بێ مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەروا درێژەی هەیە.

کابینەی ئیبراهیمی ڕەئیسی بە وەبەر گولـلەدانی ناڕازییان لەسەر شەقامەکان، بە کوێرکردنی چاوەکان، بە هێرشی کیمیایی بۆسەر خوێندنگاکان، بە هێرشی ڕێکخراو بۆسەر زانکۆکان، بە هەوڵ بۆ تەفرەقە دروستکردن لە نێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەری، بە ڕاگەیاندنی شەڕی سەرانسەری لەدژی ژنان بۆ داسەپاندنی حیجابی زۆرەملی، نەیتوانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران چاوترسێن بکات. لەئێستادا پزیشکیان سەرۆک کۆماری ملکەچ و کوڵاو لە ویلایەت دا، سەرۆکی کابینەی جەهادی خامنەیی، لە حاڵێکدا کە لاوازی و داماویی خۆی لە بەرابەر هێرشی بێ نرخ کردنی لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لەژێرناوی جۆراوجۆردا پاساو دەکات، بەڵام بە پەرەپێدانی سەرکوت و بە وەڕێخستنی شەپۆلی دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە وەڕێخستنی شەپۆلی ئێعدامەکان لە سەراسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستان دەیهەوێ مەئمووریيەتی دەوڵەتی ڕەئیسی بە سەرەنجام بگەیەنێ و کۆمەڵگا بۆ قۆناغی بەر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بگەڕێنێتەوە. بێگومان کرێکاران، پەرستاران، موعەلیمان، خانەنشینان و زیندانییانی سیاسی بە درێژەی بزووتنەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتیی خۆیان لە هاوپشتی لەگەڵ باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران، سیاسەتی "هێرشی بەرگرانەی" دەوڵەتی پزیشکیانیش شکست پێ دێنن.

خەڵکی ستەملێکراو و تێکۆشەری کوردستان کە هەر لە سەرەتای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژیناوە بە درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و "مەرگ بۆ خامنەیی" و لە درێژەدا بە شکست پێهێنانی گاڵتەجاڕەکانی هەڵبژاردنی ڕژیم لە کوردستان، گەلێک دیمەنی شکۆداریان لە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری نیشان دا، ئەو خەڵکە تێکۆشەرەی کە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی خۆشیان کردە ڕەمزی یەکگرتن و خەبات لەدژی ئەم دەسەڵاتە تاوانبارە و یاسا ئیسلامیەکانی، دەتوانن دەورونەخشێکی بەرچاویان لە تێکشکاندنی ستراتێژ و سیاسەتی سەرکوتگەرانەی حکوومەتی ئیسلامیدا هەبێت.

ئێستا لە سەروبەندی دووهەمین ساڵڕۆژی قەتڵی حکوومەتیی ژینا و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەریدا، لە کاتێکدا کە هەوڵی بەرین لەلایەن لاوانی شۆڕشگێڕ لە گەڕەکەکانی شارە جۆراوجۆرەکان، ڕێکخراوە خوێندکارییەکان و ناوەند و هەڵسووڕاوانی بوارە جۆراوجۆرەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی لە شارەکانی کوردستان و سەرتاسەری ئێران بۆ ڕێزلێنان لەم ڕۆژە لەئارادایە، کۆمەڵە، هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و تێکۆشەری کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەرمانان بانگەشە دەکات. ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان بکەنە ڕەمزی یەکگرتوویی و هاوپشتی و بیکەنە هێمای عەزم و ئیرادەی قایمتان بۆ بەدواداچوونی ئامانجەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و بۆ تێکشکاندنی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی.

با بە مانگرتنی گشتی و بە ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان، ڕێز لە یادی ژینا ئەمینی و سەرجەم گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری بگرین و دەستکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە بەرز ڕاگرین.

بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیەنین کە دەبێ کۆتایی بە لێپرسینەوە و گرتن و پەروەندەسازی لەدژی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بێنێ. ڕایگەیەنین کە بەندکراوانی سیاسی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەبێ ئازاد بکرێن.
یەکدەنگ و لێبڕاوانە ئێعدامی بەندکراوان مەحکووم بکەین و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بین.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
بە مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی مانگی خەرمانان بۆ جارێکی تر بڕیار و ئیرادەی قایمتان بۆ درێژەی خەبات دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و نابەرابەری، بۆ یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەرتاسەریی خەڵکی ئێران، لەپێناوی ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە ڕاگەیەنن.
خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەو ئەزموونە بەنرخانەی کە لە خەبات دژبە ڕژیمی ئیسلامی بەدەستیان هێناوە، بە بەڕێوەبردنی ئەم مانگرتنە گشتیە لە ساڵڕۆژی قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی دا، لاپەڕەیەکی دیکە لە مێژووی شکۆداری موقاومەت و خەباتی خۆیان هەڵدەدەنەوە و نیشانی دەدەن کە هەرگیز گیانبەختکردووانی خۆیان لەبیر ناکەن و بۆ دەستەبەرکردنی خواستی شۆڕشگێڕانەیان، لێبڕاوانە درێژە بە خەباتیان دەدەن.

کۆمەڵە لە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری سەرتاسەری ئێران، لە چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان داواکارە بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن ڕێز بگرن لە دووهەمین ساڵڕۆژی دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری و لە مانگرتنی گشتی و یەکپارچەی خەڵکی کوردستان پشتیوانی بکەن.

بەرز و بەڕێز بێ یادی گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا
بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

**کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٢٠ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی
١٠ی سێپتامبەری ٢٠٢٤ی زایینی

❊ ❊ ❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:

## گواستنەوەی زۆرەملی ئۆردووگاکانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە هەرێمی کوردستان مەحکوومە



ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی مانگی خەرمانان (٥ی سێپتامبەر)، بەشێک لە ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دوو ساڵ لەمەوبەر واژۆ کرابوو، لەلایەن "دەزگای ئاسایشی" حکوومەتی هەرێمەوە، گواستنەوەی زۆرەملی ئۆردووگاکانی "زەرگوێز"،"زەرگوێزەڵە" و "بانەکەورە" بۆ ئۆردووگای پەنابەرانی "سووورداش" دەستی پێکرد. ناوەرۆکی ئەم ڕێککەوتنە تائێستا ئاشکرا نەکراوە بەڵام یەکێک لە بڕگەکانی چەکداماڵین و ڕاگواستنی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی تر بووە کە لەم ماوەیەدا تاوەناتاوێک لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە بەدواداچوونی بۆ کراوە. پێویستە بوترێ کە ئەم ئۆردووگایانە لەماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا شوێنی جێگیربوونی حیزبە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی بووە.

بەدوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە یەکەمین چەخماخەکەی لە شاری سەقزەوە لێدرا و بەخێرایی هەموو ئێرانی گرتەوە و پایەکانی ڕژیمی ئیسلامی خستە لەرزە، حکوومەتی ئیسلامی فریوکارانە و بەئامانجی تەفرەقەدانەوە و بەئامانجی ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری جیا بکاتەوە و بەستێنەکانی سەرکوتی خوێناوی ئەم بزووتنەوە ئامادە بکا، هەوڵی دا وای نیشان بدا کە سەرچاوەی ئەم بزووتنەوە مەزنە کۆمەڵایەتییە لە دەرەوەیە و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی بە هۆکارێکی سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوە پێناسە کرد. حکوومەتی ئیسلامی لە کاتێکدا بەمجۆرە خۆی لە نەزانی و گێلی دەدات کە بزووتنەوەی ژینا بێ پێشینە و لەناکاو نەبووە و بەر لەم بزووتنەوەش ڕژیم لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ بەرەوڕوو بووە. ئەم بزووتنەوانە بەرهەمی ئەو قەیرانە هەمەلایەنانەیە کە سەرتاپێی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەی داگرتووە. تووڕەیی پەنگخواردووی دەیان ساڵەی کرێکاران و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا دژبە هەژاری و برسیەتی، گرانی و بێکاری، چەوسانەوە، سەرکوت و دیکتاتۆری بووە. لەم ڕووەوە حکوومەتی ئیسلامی تەنیا بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە پێگەی یەکجار لاوازی ناوخۆیی و ناوچەیی خۆی، ئەم هەوڵانە دەدات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە بووەتە هۆی گۆڕانکاری گەورە لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەروا زیندووە و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیی کردووەتە ئامانجی سەرەتایی خۆی.

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای شەرمەزارکردنی سیاسەتی تاوانکارانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە، حکوومەتی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی لە ئاست ئەمنیەت و پاراستنی گیانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێ لە کوردستانی عێراق بە بەرپرس دەزانێت و لە خەڵکی تێکۆشەر و هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە کوردستانی عێراق چاوەڕوانی ئەوە دکات بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زەمانەتکردنی ئەمنیەتی گیانی کادر و ئەندامانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بخەنە ژێر گوشارەوە. کۆمەڵە داوا لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەکات کە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ دژبە پیلانگێرییەکانی ڕژیمی تاوانکار و وەرشکستەی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتی دەربڕن. بێگومان کۆماری ئیسلامی کە لەژێر گوشاری مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاری و بزووتنەوەی جەماوەریدایە ،و بەرەوڕووی قەیرانی حکوومەتییە، لە ڕەوتی شانۆگەری هەڵبژاردنیشدا چەندین جار مۆری نامەشرووعبوونی لە نێوچاوان دراوە، بە وەها هەوڵێکی داماوانە و دژەئینسانی ناتوانێ خۆی لەو قەیرانە هەمەلایەنانەی کە سەرتاپێی داگرتووە، دەرباز بکات.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٦ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٦ی سێپتامبەری ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

# دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی لە خزمەت سیاسەتی شەڕخوازیدا



ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی مانگی خەرمانان، عەلی خامنەیی لە کۆبوونەوەیەکدا بەبۆنەی ڕێوڕەسمی خورافی و پڕ خەرجی ڕێپێوانی ئەربەعین لەگەڵ ژمارەیەک کەس لەژێرناوی "هەیئەتە خوێندکارییەکان" دوای هێنانەوەی مەوعیزەی کۆنەپەرستانە سەبارەت بە عەزاداری و نەوحەخوێندنی مەداحانی مفتەخۆر، دەستی کرد بە تەبلیغاتی شەڕخوازانە و وتی: "شەڕ شێوازی جۆراوجۆری هەیە. لە سەردەمی شمشیر و سەرنێزەدا جۆرێک بوو و لە سەردەمی ئەتۆم و ژیری دەستکرددا جۆرێکی ترە. بەڵام شەڕ هەروا بوونی هەیە و نابێ فەرامۆش بکرێت". خامنەیی هەروەک هاوتاکەی خۆی خومەینی، وێڕای پێهەڵکوتن بە شەڕ وەک "نیعمەتی ئیلاهی"، ویستی بەم فریوکارییانە بێتوانایی حکوومەتەکەی بەرانبەر بە ئیسرائیل و تۆڵەی تیرۆری سەرشۆڕانەی ئیسماعیل هەنییە لە ناو دڵی تاران دا پاساو بکات. ئەو وتی: "شەڕ لە نێوان بەرەی حسێنی و بەرەی یەزیدی بەردەوامە و کۆتایی نایەت. بەڵام شێوازی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ زوڵمیش بەپێی بارودۆخ جیاوازە و شەڕ هەمیشە بەمانای هەڵگرتنی چەک نییە". بەڵام خامنەیی بە هەمان بیری سەردەمی نێزە و شمشێرەوە پێی وتن: "دەبێ قەدری ئینقلابی ئیسلامی بزانین و لە چوارچێوەی زانکۆدا لە کات وساتی خۆی چالاکی بکرێت و لەسەر ڕێبازی کەربەلا و فەلەستین بەرەو ئامانجەکان هەنگاو هەڵگرین. وە ئەوەش پێویستی بە ئاشنابوون لەگەڵ قورئان و تێڕوانینە".

ئامانجی خامنەیی لەم مەوعیزانە ئەوەیە کە بتوانێ بیروڕای گشتی کۆمەڵگا لە قەیرانی قووڵی ئابووری و بارودۆخی فەلاکەتباری ژیانی کرێکاران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەلاڕێدا بەرێت. بێگومان ئەو ڕۆژانە دەنگی نارەزایەتیی کرێکاران، پەرستاران، خانەنشینان، موعەلیمان، بازاڕییان و توێژەکانی تر دەبیستن. بەڵام لەبەرئەوە کە توانای وڵامدانەوەی بە خواست و داخوازی ئەوانی نییە، دەست دەکا بە مەوعیزەی کۆنەپەرستانە و فەرمانی سەرکوتکردنیان. ئەگەر لە ئاستی نێونەتەوەییدا "بەرەی حسێنی"یەکەی بەرانبەر بە "بەرەی یەزیدیی ئیسرائیل"دا توانای شەڕی نییە، بەڵام لە ناوەوەی وڵاتدا ڕۆژانە بەکرێگیراوانی دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕەوانەی شەڕ و سەرکوتکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکات و دەستبەسەر و ئەشکەنجە و ئێعدامیان دەکا. ناوەندی دەسەڵاتی سپای پاسداران و شەخسی خامنەیی لە هەموو بوارێکدا بۆ نموونە لە دەوڵەتی بێ خاسیەتی پزیشکیان و لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ڕژیم دەخاڵەت دەکەن و کۆنترۆڵیان لەدەستدایە.

خامنەیی لە چنینی مۆرەکانی دەوڵەتی پزیشکیان زیاتر لە دەوڵەتەکانی پێشوو دەستێوەردانی کردووە. ئەگەر پێشتر چوار وەزیری دەرەوە، ناوخۆ، ئیتلاعات، بەرگری لەلایەن خامنەییەوە دیاری دەکران، ئەمجارە لە دیاریکردنی باقیی وەزیرەکانی کابینەی پزیشکیاندا دەستی بووە. مەسعوود پزیشکیان لە ناساندنی کابینەکەی بە مەجلیس بۆ دەنگی متمانە، دانی بەوە دانا کە سەبارەت بە دیاریکردنی هەموو وەزیرەکان نەتەنیا لەگەڵ شەخسی خامنەیی بەڵکوو لەگەڵ ڕێکخراوە ئەمنیەتییەکان، سپای پاسداران و هەموو کەسانێک کە دەبێ ڕەزامەندیان بەدەست بێنێت، هاوئاهەنگی کردووە و نوێنەرانی مەجلیسی سەرکۆنە کرد کە "بۆچی ناچاری دەکەن شتێک کە نابێ بیڵێ، بیڵێت". ئەم لەقاودانە نەزانانەی پزیشکیان کە نیشانیدا دەسەڵات لە دەستی

خامنەییدایە و ئەو بەرپرسی هەموو جەنایەتەکانی چوار دەیەی ڕابردووی ڕژیمە، لەلایەن ڕۆژنامەی کەیهانی سەربە خامنەیی و هێندێک لە نوێنەرانی بناژۆخوازی مەجلیسەوە ئیعتراڕزی پێکرا، تا وەک هەمیشە شکستی سیاسەتی هەموو دەوڵەتەکان بەسەر خامنەییدا نەیەت و پاکانەی بۆ بکەن.

لەلایەکی دیکەوە عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی پزیشکیان ڕۆژی شەممە ٣ی مانگی خەرمانان لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی وەزارەتەکەیدا، ڕایگەیاند کە: "ئەم وەزارەتخانە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، لە هاوئاهەنگیی تەواو لەگەڵ بەیتی ڕەهبەری و هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئیسلامیدا هەنگاو دەنێت". ناوبراو لە وڵام بە شێوازی کاردانەوە بە تیرۆری ئیسماعیل هەنییە وتی: "یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی ئیسلامی، پشتیوانی لە میحوەری موقاوەمەت لە شەڕی غەززە دژ بە ئیسرائیلە". لە درێژەدا وتی پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لەم گرووپانە پەیوەندی مەیدان و دیپلۆماسی ئێمە بەڕوونی نیشان دەدات. عێراقچی هێرشی "وەعدەی سادق"ی سپای پاسداران واتە هاوپشتی سەدان مووشەک بەرەو ئیسرائیل لە تۆڵەی هێرش بۆسەر باڵیۆزخانەی ڕژیم لە دیمەشقی بە نموونەیەکی باش لە هاوئاهەنگی نێوان وەزارەتی دەرەوە و هێزە چەکدارەکان وەسف کرد. ئەو دیپلۆماسی و مەیدانی لەناو کۆماری ئیسلامیدا بە تەواوکەری یەکتر پێناسەکرد و وتی ئەم ڕێگایە لە سیاسەتی دەرەوەش ڕەچاو دەکا. ئەم بابەتە نیشانی دا کە لەناو سیستمی حکوومەتی ئیسلامیدا دەوڵەت و تەنانەت وەزارەتی دەرەوەش، هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و ئەوە ناوەندی ڕێبەریی سپای پاسدارانە کە داڕێژەری سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییە.

عێراقچی لە یەکەمین وتووێژی خۆی وەک وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی پزیشکیان، لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ڕژیم، دانوستان لەگەڵ ئەمریکای بەئامانجی لابردنی گەمارۆکان ناو برد و وتی: "کۆماری ئیسلامی لە هەڵسووکەوتی لەگەڵ ئەمریکا بەدوای چارەسەرکردنی گرژی و دوژمنایەتی نییە بەڵکوو تەنها دەیهەوێ مودیرییەتی کێشەکە بکا". ئەم ژێستە فریوکارانەی عێراقچی کە گۆیا ڕژیم "بەدوای چارەسەرکردن و لابردنی گرژییەکان لەگەڵ ئەمریکا نییە" لەکاتێکدایە کە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی بایدن لە حاڵی دانوستان، هاوکاری، سازش و داشکاندا بووە. ئەو سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ئورووپاییش وتی: "باشکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی" بە مەرجی لابردنی شێوەکاری دوژمنانە و هەوڵ بۆ بووژاندنەوەی بەرجام و لابردنی گەمارۆکان مومکین دەبێت. ئەم بەناو ئامادەبوونە مەرجدارەی عێراقچی بۆ باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ئورووپایی لەکاتێکدایە کە ناوبراو ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی مانگی گەلاوێژ بۆ وەرگرتنی دەنگی متمانە لە مەجلیس وتبووی کە "ڕێکەوتنی بەرجام ناتوانرێ زیندوو بکرێتەوە. ئێمە هەرگیز کۆتایی بە دوژمنایەتیمان لەگەڵ ئەمریکا ناهێنین و ئەگەر ڕۆژێک لەگەڵ ئەمریکا دۆستایەتی بکەین، ئەوە بەو مانایەیە کە سروشتی ئێمە گۆڕاوە".

کۆماری ئیسلامی لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بەردەوام بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی شەڕخوازانە و زێدەخوازانە لەژێرناوی دیپلۆماسی بەرگری، بە بارمتەگری لەڕێگەی تیرۆر و بەدیلگرتن، ژیان و ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی خستووەتە مەترسیەوە. ئەم ڕژیمە دژەئینسانە تێچووی پێشخستنی ئەم سیاسەتانە و ئاکامەکانی بۆ نموونە گەمارۆکانی، بەسەر سفرەی کرێکاران و بەشمەینەتانی دیکەی کۆمەڵگادا سەپاندووە و ژیانیانی بەرەوڕووی ڕەنج و ئازاری زیاتر کردووەتەوە. لەلایەکی تریشەوە بە فرۆشتنی نەوت بە نرخی کەم لەژێرناوی"بێ ئەسەر کردن و دەورلێدانەوەی گەمارۆکان"، ئەم کاڵایەی هەڕاج کردووە. هەڵبەت داهاتەکەشی بۆ سیاسەتی شەڕخوازانە و فراوانخوازانەی خۆی، بۆ بوودجەی دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکان، بۆ ناوەندەکانی پەرەپێدەری کۆنەپەرستی و خورافەی مەزهەبی و بۆ ڕێوڕەسمەکانی وەک ڕێپێوانی ئەربەعین تەرخان کردووە و لە بەرانبەردا خۆی لە بەرپرسایەتیی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دزیوەتەوە.

❊❊❊

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری مەریوان






بەپێی هەواڵی گەیشتوو، کۆمەڵێک لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە و حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە ئامادە بوون لەسەر گڵکۆی هاوڕێ فوئاد موستەفا سوڵتانی و گیانبەختکردووانی دیکەی کومەڵە لە گوندی ئاڵمانەێ سەر بە شاری مەریوان، بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوەبرد

بەپێی ئەم هەواڵە، ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ ڕەمزی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار دەستی پێکرد و پاشان بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە، بۆ ڕێزگرتن لە یادی سەرجەم گیانەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم، یەک دەقیقە بێدەنگیان ڕاگرت. لەدرێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، یەکێک لە بەشداربووان وێڕای ئاماژە یەکی کورت بە چۆنیەتی ڕەوتی پێکهاتن و مێژووی حزب و بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان، جەختی لەسەر پێویستی پەرەسەندی خەباتی کرێکاری و ڕۆڵ گێڕانی زیاتری حزبی کۆمۆنیست لەم خەباتەدا کرد. دواتر بەشداربووان سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری و هەروەها دۆخی نالەباری ژیان و گوزەرانی خەڵک قسەوباسیان کرد و بە تایبەت جەختیان لەسەر داکۆکی لە بەندکراوانی سیاسی و کرێکاری و هەروەها پشتیوانی لە بنەماڵەکانیان کردوە. لەکۆتاییدا، ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی شێعر و سروودی حەماسی لەکەش و هەوایەکی شاد و هیوا بە داهاتویەکی گەش کۆتایی پێ هات.

❊❊❊

## ڕەمزی پێشڕەوی لە دووهەمین ساڵیادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینادا



بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای دەستکەوتە مەزنەکانی و سەرەڕای شەوق و هیوایەک کە لە کۆمەڵگادا پێکی هێناوە، ئێستاش بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی خۆی، واتە ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن و نابەرابەری نەگەیشتووە و هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکەشی نەهێناوەتە مەیدانی نەبەردەوە. هەرچەند کۆمەڵگای ئێران دوای قەتڵی حکوومەتی ژینا بەخێرایی پێی نایە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە و ناڕەزایەتی و شەڕ و بەرەنگار بوونەوەی شەقام لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی بوو، بەڵام کرێکاران لە ئاستی جەماوەریدا تائێستا بەو ڕادە لە هۆشیاری نەگەیشتبوون کە بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری، دەبێ لەدژی نیزامی دەسەڵاتدار ڕاپەڕن.

هەوڵی کرێکاران بۆ بەڕێوەبردنی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە ناوەندی سەنعەتی نەوت و پێترۆشیمی، لە حەوت تەپە و لە چەند ناوەندی کرێکاری دیکە بۆ پشتیوانی لەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانە بەرەوڕووی سەرکوتی بەرین و دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لە کرێکاران بووەوە. بزووتنەوەی کرێکاری لە هەمان ئاستی بەر لە ئاخێزی ژیناوە درێژەی بە ناڕەزایەتی و مانگرتنی خۆی دا. بەرینایی سەرکوتی ڕژیم دژ بە بزووتنەوەی کرێکاری، بێکاری و هەژاری و دڵەڕاوکێ لە ئاکامەکانی مانگرتن لەسەر ژیانی کرێکاران، نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێزی کرێکاری و سۆسیالیستی کە کرێکاران بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان پشتی پێ ببەستن، بەربەستەکانی بەشداری بەهێزی بزووتنەوەی کرێکاری لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەی ژینادا بوو. ئەم ڕاستییە بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە هەموو پێداویستییەکانی بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە هاوکات و هاوئاهەنگ ئامادە نابێت و هەڵکشان و داکشانەکانی خەبات لە سەردەمی شۆڕشگێڕانەدا لەم ڕاستییانەوە سەرچاوە دەگرێت

لە ڕەوتی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەدا ئەگەرچی زۆرینەی ملیۆنی بەرەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەژارانی شار و تەنانەت توێژێک لە چینی مامناوەند دڵیان لەگەڵ



ناڕەزایەتی شەقامی ڕۆڵەکانیان لێیەدا، بەڵام بەم ناڕەزایەتیانە پەیوەست نەبوون. ئەم دیاردەیە لە سەرەتای ئاخێزەکەوە خاڵی لاواز بەحیساب نەدەهات. چونکە هەموو شۆڕشە مەزنەکانی مێژوو کەمینەیەکی شۆڕشگێڕ و پێداگر بەرپایان کردووە. بەڵام لە درێژەدا هەر ئەم لایەنگریە بێ کاردانەوە بوو بە فاکتۆرێکی کاریگەر بۆ دامرکانی ناڕەزایەتیەکانی شەقام. لە نەبوونی ئەم جەماوەرە ملیۆنییە لە مەیداندا، هێزە سەرکوتگەرەکان توانییان ڕیزی ناڕازییان بڵاو کەن و ناڕەزایەتییەکان بەرەو شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقام بەرن. بێگومان توانایی ڕژێم لە سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکان و دەستبەسەرکردنی بەرین، لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر ڕێگای جەماوەری بوونەوەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە بووە. بەڵام لە هەمان کاتدا نیگەرانی لە دووپاتبوونەوەی ئەزموونی شکستی شۆڕشی ۵۷، نیگەرانی لە مەترسی شەڕی ناوخۆیی و بە سووریەیی بوونی ئێران کە ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی و بەشێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بورژوایی تەبلیغی دەکەن، هەروەها نەبوونی ئالتێرناتیفێکی ڕزگاریبەخشی بەهێز لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا کە جەماوەری خەڵک بتوانێ ئومێدی پێ ببەستێ، کۆسپ و بەربەستەکانی دیکەی سەر ڕێگای جەماوەری بوونەوەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەن

زەمانەتکردنی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە لە گرەوی پەرەپێدان بە ستراتیژی و ئاسۆی سیاسی ڕوون و شۆڕشگێڕانە، ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەری و جەماوەریتر کردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم بزووتنەوە دایە. کەوابوو نابێ بەڵێنی سەرکەوتنی سەهل و ئاسان بە جەماوەر بدرێ. بەڵکوو پێویستە بەکردەوە بەرەو وەڵامدانەوە بە پێداویستیە واقعییەکانی ئەم بزووتنەوە و دابینکردنی پێداویستییەکانی تێکشکاندنی حیزبی پادگانیی سپای پاسداران و بەرەو ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی ئیسلامی هەنگاو هەڵبگیرێت و کۆمەڵانی خەڵک لە دژوارییەکانی ئەم ڕێگا پڕ لە کۆسپ و بەربەستە ئاگادار بکرێنەوە. ئەم بزووتنەوە تەنها بزووتنەوەیەکی سەلبی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە. جەماوەری ڕاپەڕیو دژ بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری، دژبەو نابەرابەری و بێبەشی و هەڵاواردن، هاتوونە مەیدانی ناڕەزایەتی و خەباتەوە کە سەرچاوەکەیان نیزامی سەرمایەداریی ئێرانە. بەم ئیعتبارە ئەم بزووتنەوە نەتەنها ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو خەسڵەتی دژە سەرمایەداریشی هەیە. خەڵک بەدروست بۆ وەدیهێنان و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێو چاویان لە ئیمکاناتی بەرینی ئێران بڕیوە

کەوابوو پێویستە ئاسۆی سۆسیالیستی، ئاسۆی دەسەڵاتی شۆرایی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بخرێتە بەردەم ئەم بزووتنەوە. پێویستە هەوڵ بدرێت دروشمەکانی وەک "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی"، "ئازادی، بەرابەری، ئیدارەی شۆرایی" کە لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە لەم بزووتنەوەدا گەڵاڵە کراون، بە هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی جەماوەریتر ببنەوە. پێویستە بۆچوونمان دەربارەی ئەم دروشمانە ببەینە ناو جەماوەرەوە. پێویستە لێبڕوانە و بەردەوام هەڵوێست و ستراتیژی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران بۆ تێکشکاندنی ئەم بزووتنەوە بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە. پێویستە بەڕوونی نیشانی بدەین کە بەرنامەی ئابووری ئەوان، کە هەمان سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد و نیۆلیبرالیسم بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە، لەگەڵ پلاتفۆرمی داخوازییەکانیان و ئەو وادە و بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دەدەن چەندە ناتەبایە. ئەوان کە بەدڵیان سەرمایەداری ئیسلامییە، ناتوانن وادەی ڕەفاە بە خەڵک بدەن. سەرمایەداری بە مودیریەت و بەڕێوەبەریی ئیسلامی و غەیری ئیسلامیشەوە، هەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییە

هاتنە مەیدانی چینی کرێکار بە مانگرتنی یەکپارچە و سەراسەری لە ناوەندە سەرەکییەکان وێڕای گەڵاڵەکردنی خواستی ئابووری و سیاسی بۆ نموونە خواستی ئازادیی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ئیجباری، فاکتۆری سەرەکییە لە پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. چینی کرێکار ئەگەرچی کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای زۆرن، بەڵام دەتوانێ بە پشت بەستن بە دەستکەوتی خەباتکارانەی هەتا ئێستای، بە پشت بەستن بە ڕێبەرانی لێهاتووی، بە ئەزموونی، پێکهێنانی کۆمیتەکانی مانگرتن و کۆمیتەکانی کارخانە کە بناغەی شۆرا کرێکارییەکانن، بەسەر ئەم بەربەستانەدا زاڵ بێت. بە زاڵبوون بەسەر ئەم بەربەستانەدا و بە تەحەزوبی کۆمۆنیستی دەتوانین یارمەتیدەری دابینکردنی هێژمۆنی چینی کرێکار بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا بین. دەرسێکی گرینگی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە بۆ چینی کرێکار ئەوە بووە کە تەنها لاوازبوون و سنووردداربوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەس نییە، ئەم دەسەڵاتە دەبێ بڕووخێت و بۆ ڕووخاندنی ئەم حکومەتە بورژوازییە، پێویستە پێشڕەوان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لە حیزبی کۆمۆنیستی خۆیاندا سازمان بدرێن. چینی کرێکار بەبێ حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی ناتوانێ لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دیفاع بکات و لە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوە و کێشمەکێشە چینایەتییەکان پێویستە بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ خۆی بخات و بەرەو ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری و گرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو هەڵگرێت

پێداویستییەکی دیکەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی جەماوەری بوونەوەی ئەم بزووتنەوەیە. پێویستە بەربەستە زەینییەکانی سەر ڕێگای پەیوەست بوونی جەماوەر بەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە لابەرین. بێگومان ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە لە لایەن جەماوەری ملیۆنی خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. خۆڕاگریی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بەرانبەربە هێزە سەرکوتگەرەکان، بوێریی ژنانی بێ حیجاب لە بەرابەر هێرشی بەرینی ڕژێم، گوڕوتینی خەباتکارانەی بەندکراوانی سیاسی لە ئەشکەنجەخانەکان لەبواری دەروون ناسی کۆمەڵایەتییەوە دەرخەری ئەوەیە کە ئەم خۆڕاگری و شەوقە خەباتکارانە لەئاستی ملیۆنیدا خاوەنی هۆگری کۆمەڵایەتییە. هەربۆیە پێویستە ڕێگای بەشداربوونی ئەم جەماوەرە ملیۆنییە لە ناڕەزایەتییەکانی شەقامدا هەموار بکرێ. ئەگەر سەرکوتی بەردەوام و خوێناوی ئەوانی لە بەشداریی چالاکانە لە مەیدانی سیاسیدا پارێزکار کردووە، پێویستە نیشان بدرێت کە تەنها بە هاتنە مەیدانی کۆمەڵانی خەڵک لەئاستی ملیۆنیدا دەکرێ ماشێنی سەرکوتی ڕژێم زەمینگیر بکرێت. ئەگەر جەماوەری خەڵک لەئاست شەڕی ناوخۆیی و سووریەیی بوونی ئێران نیگەرانن، پێویستە وەبیریان بێنینەوە کە لە سووریە و لیبی تەنها کاتێک چالاکیی چەکدارانەی پێشوەخت بەپێی نەخشەی دەسەڵاتداران، جەماوەری خستە پەراوێزی خەباتەوە، ئەم وڵاتانە کەوتنە داوی شەڕی ناوخۆیی و نیابەتییەوە. کەوابوو تەنها بەشداریی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسییە کە دەتوانێ ئەم بابەتە زەمانەت بکات کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا چارەنووسی ئاخێزە جەماوەرییەکانی سووریە و لیبی بەسەر نەیە

***

## زەنگی دەستپێکی دەرس و مەدرەسە، زەنگی هۆشداری ئاستی بێوێنەی هەژاری و گرانی



دوو حەفتە بەر لە لێدرانی زەنگی دەستپێکی دەرس و مەدرەسە، زەنگی هۆشداری بەرینایی بێوێنەی هەژاری و گرانی، زیاتر لە هەمیشە دەنگ دەداتەوە. لە سەروبەندی کرانەوەی مەدرەسەکان میدیاکانی حکومەت باس لە چوونەسەری نرخی کەلوپەلی نووسین، چوونەسەری نرخی جلوبەرگی خوێندکاران، چوونەسەری خەرجی هاتوچۆ و چەند بەرابەر بوونی کرێی مەدرەسەکان دەکەن. بەراوردێک لە پێداویستیە سەرەتاییەکان نیشانی دەدات کە بنەماڵەکان بۆ کڕینی کەلوپەلی نووسینی خوێندکارێکی قۆناغی سەرەتایی، بۆ شەهریەی مەدرەسەکان لەژێرناوی جۆراوجۆر، بۆ هەزینەی بەرینی هاتوچۆ، دەبێ ملیۆنان تمەن خەرج بکەن. مەرجی مەدرەسەکان بۆ وەرگرتن و ناونووسی خوێندکاران بۆ نموونە کڕینی جلوبەرگی هاوشێوە، کیفی یەکدەست و وەرگرتنی چەند ملیۆن تمەن لەژێرناوی جۆراوجۆری وەک یارمەتی بە مەدرەسە، کێشەی بۆ زۆرێک لە بنەماڵەکان دروستکردووە. داهاتی بنەماڵەکان لە بەرانبەر گرانی و تەوەرۆمدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە. دابینکردنی جلوبەرگی یەکدەست بە هەزینەی زۆر بۆ خوێندکاران، بۆ ئەو بنەماڵانەی مانگانە داهاتیان ۱۰ تا ۱۵ ملیۆن تمەنە سەخت و دژوارە. لێرەدا

باسی مەدرەسە خسووسییەکان ناکەین کە دەیان ملیۆن تمەنیش لە بری کلاسی ئیزافی و فەزای بەتاڵی کلاسەکان وەردەگرن. باسی ئەو مەدرەسە دەوڵەتییانە دەکەین کە لەبەرانبەر پێدانی خزمەتگوزاری پەروەردە بە خوێندکاران، بارێکی قورسیان خستووەتە سەر شانی بنەماڵەکانیان. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بنەماڵەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەهۆی پەرەسەندنی بێکاری و گرانی بەرین بۆ دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان کەوتوونە تەنگانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی منداڵەکانیان بووەتە کێشەیەکی سەرەکی

لە وەها بارودۆخێکدا چاوەڕوان دەکرێ سەدان هەزار منداڵ لە خوێندن بێبەش بن. لەگەڵ کاڵایی بوونی پەروەردە، لە حاڵێکدا کە ئاغازادەکان و منداڵی سەران و فەرماندەکانی سپا و کارگێڕانی ڕژیم لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە باشترین کەرەسەی پەروەردە بەهرەمەندن، ملیۆنان منداڵ و تازەلاو بەتایبەت منداڵانی پەنابەری ئەفغانستانی بەهۆی سیاسەتی دژە پەنابەری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەرخەی دەرس و مەردەسە دەخرێنە دەر و بە ناچار لە کارگە، کورەخانە و مەزراکان دەچەوسێنەوە یان بە لەشکری منداڵانی شەقام پەیوەست دەبن

سەرەڕای کاڵایی بوونی پەروەردە و ڕەنگدانەوەی بۆشایی قووڵی چینایەتی لەناو سیستەمی پەروەردە و سەرەڕای خەرجی یەکجار بەرینی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بۆ پەرەپێدانی کۆنەپەرستی و خورافاتی مەزهەبی و دژایەتی لەگەڵ هەرجۆرە پەروەردەیەکی زانستی و پێشڕەو لەڕێگەی دەزگای ئادیۆلۆژیک و ناوەندە ئەمنییەکان و دامەزراندنی هەزاران تەڵەبەی حەوزەی عیلمیە لە جیات موعەلیمان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە پێشەنگایەتی ژنان لە شەقام و زانکۆ و مەدرەسە ئاسۆیەکی هیوابەخشی خستووەتە بەردەم بزووتنەوەی خوێندکاری و کۆمەڵگا بەگشتی. خوێندکاران لە زانکۆکاندا لە پەنا دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" بە وتنەوەی دروشمەکانی وەک "پووش وپەلاش تۆی، ژنی ئازادە منم"، "تا ئاخوند کفن نەکرێ، نیشتمانێکمان نابێ"، "نە رووسەری، نە تووسەری، ئازادی و بەرابەری" و بە سووتاندنی رووسەری و بە ژێرپێنانی یاسای حیجابی ئیسلامی و سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی، دژایەتی بزووتنەوەی ژینایان لەگەڵ خورافاتی دینی بەئاشکرا نیشاندا و هەڵاواردنی ڕەگەزییان لەناو سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا خستە ژێر پرسیارەوە. شەپۆلی یەک لە دوای یەکی دەستبەسەرکردن، ئەشکەنجە و زیندان و ئێعدام، دەرکردن لە زانکۆکان، بێبەریکردنی ژنان لە خوێندن لە دەیان خولی زانکۆ و هێرشی کیمیایی بۆسەر مەدرەسەکانی کچان هیچکام نەیتوانی بزووتنەوەی خوێندکاری ناچار بە تەسلیمبوون بکات

نارەزایەتیی موعەلیمان دژبەم سەرکوتگەریانە و بۆ دیفاع لە ئەمنیەت و حورمەتی خوێندکاران و خەباتیان لەپێناو بەدواداچوونی داخوازیە ڕەواکانیان کاریگەری بەرچاوی لەسەر کەشوهەوای مەدرەسەکان و بارودۆخی سیاسی گشت کۆمەڵگا داناوە. موعەلیمان بە پێداگری لەسەر خواستی خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەڵاواردن و بردنەسەرەوەی مووچە بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و خواستی بە کاڵایی نەبوونی پەروەردە و دەرمان و تەندرووستی، لەڕاستیدا خواستی کرێکاران و بێبەشان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاشیان گەڵاڵە کردووە. موعەلیمان لە سۆنگەی خەباتی خۆیاندا ئەزموونی بەنرخیان لە بواری ڕێکخستن و بەرپاکردنی مانگرتن و نارەزایەتی سەراسەری بەدەست هێناوە. لەم ڕووەوە خوێندکاران پێویستە لە مامۆستایانی خۆیان نەتەنیا زانیاری و زانست، بەڵکوو تاکتیک و شێوازی ڕێکخستن و یەکگرتوویی و خەباتیش فێربن. خوێندکاران دەتوانن بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی بەنرخی بزووتنەوەی خوێندکاری، شۆرا و ناوەند و ئەنجومەنی خوێندکاران پێک بێنن. بزووتنەوەی خوێندکاران و مامۆستایان بە هاوپشتی لەگەڵ یەکتر و بنەماڵەکانیان دەتوانن سیاسەتی ئەمنیەتی و کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی لە بواری پەروەردەدا پووچەڵ کەنەوە و پاشەکشە بە ڕژیم بکەن و وزەیەکی نوێ بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا ببەخشن

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

### سەبارەت بە گواستنەوەی زۆرەملێی ئۆردووگاکانی ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی مانگی سێپتامبەر لە درێژەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەئامانجی چەکداماڵین و گواستنەوەی زۆرەملێی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی ئاسایشی سلێمانی ڕاگواستنی سێ ئۆردووگای ناسراو بە کۆمەڵەیان دەستپێکرد و بەشێک لەم هێزانەیان ڕەوانەی کەمپی پەنابەران لە ناوچەی سووروداش کرد

ئاشکرایە ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر تووڕەیی و نارەزایەتیی ملیۆنیی کۆمەڵگای ئێراندا وەزاڵە هاتووە، بە سەرکوت و زیندان و ئێعدام، بە تاکتیکی کۆنەپەرستانەی لەم شێوەیە دەیهەوێ درێژە بە دەسەڵاتی نگریسی بدات و بیروڕای گشتیی خەڵکی



ئێران بەلاڕێدا بەرێت. دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراق و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی سەرمایەداریی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەران و ئەنجامدەرانی ئەم کردەوە دژەئینسانییەن

ئەم پیلانگێڕییەی کۆماری ئیسلامی کە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانییەوە بەڕێوەچووە پێویستە بدرێتە بەر نەفرەت و نارەزایەتیی هەموو ئینسانێکی وشیار و شەریفەوە. بەم کردەوە تاوانکارانەیە داهاتوو و ئەمنیەتی کۆمەڵێک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی و بنەماڵە و کەسوکاریان کەوتووەتە مەترسییەوە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، بەدەر لە هەر رادەیەک جیاوازیی سیاسی کە لەگەڵ ئەم لایەنانە هەیەتی، ئەم کردەوە بێشەرمانەیە سەرکۆنە دەکات و داوا لە خەڵکی شەرافەتمەندی کوردستانی عێراق دەکات کە بەدژی ئەم هەوڵ و کردەوە دژەئینسانیانە نارەزایەتی دەربڕن

ئێمە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی لەئاست ئەمنیەت و پاراستنی گیانی پەناخوازان و لایەنگرانی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێ لە کوردستانی عێراق بە بەرپرسیار دەزانین و لە خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی عێراقیش چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە حکوومەتی هەرێم لەم پەیوەندییەدا بخەنە ژێر گوشارەوە

مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

١٧ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٧ی سێپتامبەری ٢٠٢٤ی زایینی

***

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری کۆڵن



بەپێی هواڵی گەیشتوو، ڕۆژی ۳۱ی ئاگۆست بەرابەر لەگەڵ ۱۰ی خەرمانان، ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە شاری "کۆڵن"ی ئاڵمان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودوی ئەنترناسیۆناڵ ڕەمزی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار دەستی پێکرد. پاشان یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادی سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم ڕاگیرا. دواتر هاوڕێ ڕۆژین ئەمینی، کورتەباسێکی لەسەر مێژووی دامەزراندن و چالاکییەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران پێشکەش کرد. دوابەدوای هاوڕێ ڕۆژین، هاوڕێ حامد ئەسکەندەری دەقی بەرنامەکانی ڕاگەیاند. لەدرێژەی ڕێوڕەسمەکە، هاوڕێ سەلاح مازەوجی، دەبیری کومیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، قسە و باسێکی سەبارەت بە دۆخی سیاسی ئێستای جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت دۆخی سیاسی و کرێکاران لە ئێران پێشکەش کرد. دوای وتەکانی هاوڕێ سەلاح، نوێنەرانی ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست لەوانە: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حێکمەتیست، شورای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، ڕێکخراوی فداییانی ئەقەلییەت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، بەم بۆنەیەوە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان خوێندەوە. هەروەها نوێنەرانی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشداریان کردبوو و پەیامی خۆیان پێشکەش کرد. لە لایەکی دیکەوە، هەریەک لە ڕێکخراوەکانی یەکێتیی سۆسیالیستی کرێکاری، کومیتەی هاوپشتی لەگەڵ خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئێران - فرانکفۆرت و هەروەها چالاکی سیاسی حەبیب نسووحی، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزب، پەیامی خۆیان ئاراستەی بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە کردبوو. بەشێکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بە خوێندنی شێعر و سروودی حەماسی. لەکۆتاییدا، ڕێوڕەسمەکە پاش چەند کاتژمێر لەنێو شایی ۆ خۆشی بەشداربوواندا کۆتایی پێهات.

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندنی ١٤٠٤ — ١٤٠٣

لە سەروبەندی کرانەوەی مەدرەسەکاندا میدیاکانی حکومەت باس لە چوونەسەری ۲۰ لە سەدی نرخی کەلوپەلی نووسین لەچاو ساڵی ڕابردوو، چوونەسەری نرخی جلوبەرگی خوێندکاران، چوونەسەری تێچووی هاتوچۆ و چەند بەرابەر بوونی نرخی ناونووسین لە مەدرەسەکان دەکەن. بنەماڵەکان بۆ کڕینی کەلوپەلی نووسینی خوێندکارێکی قۆناغی سەرەتایی، کڕینی جلوبەرگی یەکدەست و هاوشێوە، شەهرییەی ئیجباری لەژێرناوی یارمەتی بە مەدرەسە و خەرجی هاتوچۆ، دەبێ چەندین ملیۆن تمەن بدەن. ئەو بنەماڵە کەم داهاتانەی کە حەقدەستی مانگانەیان ۱۰ بۆ ۱۵ ملیۆن تمەنە بۆ دابینکردنی ئەم خەرجییانە کەوتوونەتە ژێر فشارێکی یەکجار زۆرەوە. لێرەدا باسی مەدرەسەکانی کەرتی تایبەت ناکەین کە دەیان ملیۆن تمەن لە بری دەرسی زیادی و کەمتربوونی ژمارەی خوێندکار لە کلاسەکان وەردەگرن. باسی ئەو مەدرەسە دەوڵەتییانە دەکەین کە لەبەرانبەر پێدانی خزمەتگوزاری پەروەردە بە خوێندکاران، بارێکی قورسیان خستووەتە سەر شانی بنەماڵەکانیان. ئەوەش لە کاتێکدایە کە کرێی خوێندن بۆ سەرجەم ئاستەکانی زانکۆش بەبەراورد بە ساڵی خوێندنی پێشوو لەسەدا ٤٠ بەرزبووەتەوە و لەهەندێک زانکۆشدا ئەم بەرزبونەوەیە گەیشتووەتە لە سەدا۱۰۰. بنەماڵەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەهۆی پەرەسەندنی بێکاری و گرانی بەرین بۆ دابینکردنی لانیکەمەکانی ژیان لە ئاستەنگی دان و دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنی منداڵەکانیان بووەتە کێشەیەکی واقعی. ئەم واقعییەتانە و سیستەمی پەروەردەی چینایەتی، لە دەستپێکی ساڵی خوێندندا شادی و شەوقی منداڵانی لەگەڵ نیگەرانی و غەمی دایک و باوکی خوێندکاران تێکەڵ کردووە. هاوکات لەگەڵ کالایی بوونی پەروەردە، لە حاڵێکدا کە ئاغازادەکان و منداڵی سەران و فەرماندەکان و کارگێرانی ڕژیم لە باشترین ئیمکاناتی پەروەردە بەهرەمەندن، ملیۆنان منداڵ و تازەلاو بەتایبەت منداڵانی پەنابەری ئەفغانستانی بەهۆی سیاسەتی دژە پەنابەری ڕژیمی ئیسلامی لە چەرخەی دەرس و مەردەسە دەخرێنە دەر و بە ناچار لە کارگە، کورەخانە و مەزراکان دەچەوسێنەوە یان بە لەشکری منداڵانی شەقام پەیوەست دەبن.

سەرەڕای ڕەنگدانەوەی بۆشایی چینایەتی لەناو سیستەمی پەروەردە و سەرەڕای درێژەی لەسەر کار دەرکردن، خانەنشینکردنی زۆرەملی، خستنە ژێر چاوەدێری و زیندانی کردن و دوورخستنەوەی مامۆستایانی خەباتکار، سەرەڕای ئەو خەرجە بەرینەی کە حکومەتی ئیسلامی سەرمایەداران لەڕێگەی دەزگای ئایدیۆلۆژیک و ناوەندە ئەمنییەکان و لەڕێگەی دامەزراندنی هەزاران تەڵەبەی حەوزەی علمییە لە جیاتی مامۆستا بۆ پەرەپێدانی بیری پرتووکاو و خورافاتی مەزهەبی و دژایەتی لەگەڵ هەر جۆرە پەروەردەیەکی زانستی و کلتووری پێشڕەو کردوویەتی، خەباتی مامۆستایان دژبە کالایی بوونی پەروەردە و دژبە سەرکوت و ڕەشبگیری و بۆ وارێزگاری لە مافی پەروەردەی بێ بەرانبەر و ئەمنیەت و حورمەتی خوێندکاران و خەباتیان بۆ وەدیهێنانی خواستەکانیان کاریگەریی مەزنی لەسەر کەشوهەوای خوێندنگاکان و لەسەر کەشوهەوای سیاسی گشت کۆمەڵگا داناوە. مامۆستایان بە پێداگری لەسەر خواستی خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵان و نەمانی هەڵاواردن و بردنەسەرەوەی حەقدەست بۆ سەرووی هێڵی هەژاری و خواستی مەنعی کالایی بوونی پەروەردە و دەرمان و تەندرووستی، لەڕاستیدا خواستی کرێکاران و بێبەشان و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەشیان گەلاڵە کردووە. بێگومان پەرەپێدانی پشتیوانی و حمایەتی دایک و باوکان و بنەماڵەی خوێندکاران لە مامۆستایان دەتوانێ هێزێکی تازە بەم خەباتە مافخوازانەیە بەخشێت.

بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١ی هەتاوی لە ئاستێکی کەم وێنەدا و بە




دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ئێمە هەموومان ژینایین" هاتە مەیدان، یاسای حیجابی ئیجباری و هەڵاواردنی ڕەگەزی خستە ژێر پێ و بوو بە یەکێک لە ناوەندە داغەکانی خەبات بەرانبەر بە هێرشی بەرنامەداڕێژراوی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر زانکۆکان. ئەم بزووتنەوە سەرەڕای بانگکردن، دەستبەسەرکردن و دەرکردن و پەروەندەسازی بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی خەباتکار، ناردنی ئاخوند و بەسیجی و ڕەوزەخوێن بۆ زانکۆکان وەک مامۆستا، هەروا بەردەوام یەکێک لە قەڵاکانی داکۆکی لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستایە. لەم ڕووەوە خوێندکاران پێویستە لە هەمان کاتدا کە لە مامۆستایانی خۆیان زانست، تاکتیکی ڕێکخستن، یەکگرتوویی و خەبات فێر دەبن، بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونە بەنرخەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، بیر لە پێکهێنانی ناوەند و ئەنجومەن و شۆراکانی خوێندکاران بکەنەوە. بزووتنەوەی خوێندکاران و مامۆستایان لە جەرگەی درێژەی بزووتنەوەی ژینادا و بە پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران، خانەنشینان، خەباتی سەرتاسەری پەرستاران، دەتوانێ پاشەکشە بە سیاسەتی ئەمنیەتی و کۆنەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی لە بواری پەروەردەدا بکات و ئاسۆیەکی هیوابەخش بەرەوڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای پیرۆزبایی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ستایشی گیانفیدایی، خەباتی قارەمانانە و پڕگڕوتینی خوێندکاران و مامۆستایانی تێکۆشەر لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دەکات. سڵاو و درووود دەنێرێ بۆ ئەو مامۆستا و خوێندکارانەی کە لە زیندانەکان دان، ئەو خوێندکارانەی کە زیانیان پێگەیشتووە و ئێستا لە ناو کۆڕی هاوکاران و هاوکلاسەکانی خۆیاندا نین. خەبات و تێکۆشانیان بۆ پێکهێنانی هاوپشتی و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەرز دەنرخێنێت.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی

سێپتامبەری ٢٠٢٤ی زایینی

❊❊❊

# شـێعر

## بە یادی گیانبەختکرووانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا


درەنگ گەشتم
نێرگزەکانی چاوتیان پێشێل کردبوو
درەنگ گەشتم
هەزار گوڵاڵەی گەش و ڕوون
لە سەر سینگتا گوڵی کردبوو
درەنگ گەشتم
لەشی ساردی شەڵاڵ خوێنت
بۆنی بەهاری ڕزگاری و
بۆنی دوارۆژی گرتبوو
درەنگ گەشتم درەنگ درەنگ
لەو هەموو بەهارە سەوزەی لە دەستا بوو
لەو پاییزە ڕەنگاوڕەنگەی
لە بەژن و باڵا و سەرتا بوو
لە تیشکی زەردی هەتاوی هاوینان و
بەفری سپی ئێسکەکانێ
تەنها یەک وەرز
تەنها
یەک ڕەنگ بەجێما بوو
وەرزی شۆڕش
ڕەنگی هەرمان
ئاڵای سووری زەحمەتکێشان

دێر بوو دێر بوو
زۆر درەنگ بوو ماچت بکەم
سرتەیەک بە گوێتا خوێنم
سوجدە ببەم لە بەردەمت
پەلکە گیا کەم بە پەرچەمت
دێر بوو دێر بوو
زۆر درەنگ بوو گەشتمە سەرت
لە کازیوەی لاویەتیدا
خۆری تەمەنت ئاوا بوو
دێر بوو دێر دێر
با درەنگ بێ
موژدەت دەمێ ئازیزەکەم موژدەت دەمێ
ئەم دێوەزمە کۆتایی دێ
ئەو کۆشکەی وانیش گڕ دەگرێ
ئەو ئەژدیها حەوت سەرەی لاوەکانی کوشت
ئەویش ئەمرێ
هەر لە سەر ئەو شەقامانەی ئێوەیان کوشت
خوێنی ئەرژێ
موژدەت دەمێ ئازیزەکەم موژدەت دەمێ
گەر عەداڵەتەکەی ئەوان
ناوی خوا بێ و
مافخوازی خەڵکیش شەیتان بێ
خودا دەمرێ و
ئەمجار شەیتان سەرئەکەوێ
دە پێم بڵێ ئازیزەکەم دە پێم بڵێ
چی ماوە نەیانکردبێ
کێ ماوە نەیانکوشتبێ
کوێ ماوە وێران نەکرابێ

کام شار کام دێ
دە پێم بڵێ
ئەو مەکینە
وا بە جارێ
خەندە و جوانی و نۆت و مانگ و خۆشەویستیمان
ئەهاڕێ
لەمە زیاتر چی لە دەست دێ
چی لە دەست دێ
دە پێم بڵێ
تۆ دیوتە مرۆڤێک نەمرێ
هەتا هەتا بژی و نەمرێ
کە ئێمە گیانێک قەرزا بین
ئەو مەکینە لەمە زیاتر چی لە دەست دێ
چی لە دەست دێ
موژدەت دەمێ ئازیزەکەم موژدەت دەمێ
ئەو مەکینەش ڕائەوەستێ
گەر لە پۆڵا و ئاسنیش بێ
ئەبێ بشکێ
موژدەدت دەمێ ئازیزەکەم موژدەت دەمێ
مانگرتنێک بەرپا ئەبێ
ڕاپەڕینێکی چەکداری دێتە سەرپێ
کە ئەم جارە
چینی چەوساوەی جەنگاوەر
ڕێبەری بێ

**شعله شکیب**

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب
international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧